# پێشەنگبوونی گەل
# لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگادا



عەلی بێراوەیی

دیارە هەر کۆمەڵگاییێك بەئاواتی ئایندەییێکی گەش‌و جوانیەکانی ژیان لەتروسکایی گۆڕانکاریەکان بڕوانێت‌و نەهامەتیەکانی دوێنێ‌و تاقیکردنەوە پڕ لەئەزموونەکانی ئێستای مرۆڤایەتی دەسەلمێنن، کە گەل بەحسەرتی بەختەوەریەکانی ژیانەوەیە لەکاتێکدا، ژیانش پڕە لە پێداویستیە سەرەتایی‌و بنەڕەتیەکانی ژیان.

ڕەنگە ئەگەرەکانی ژیانی مرۆ بەدەست خۆیبێت‌و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پێشهات‌و کۆسپ‌و تەگەرەکانیدا، لەکاتێکدا کە گەل لەئاست ئەم داوا و کۆششانەدا نەبێت کەپێویستیەتی ئەوکات ڕەنگە دەسەڵات نەتوانێ تەواوی خەونەکانی هاوڵاتیان بێنێتەدی، ئەو کات دیسان گەل ناچار ئەبێت وەك هەنگاوێك بۆ نزیکبوونەوە لەئامانجەکانی هەمووشتێك لەبنەڕەتەوە هەڵبتەکێنێت. ڕاپەڕینێك لە دژی بەرژەوەندیەکانی حکومەت‌و دەزگاکانی دەسەڵات بەرپا بکات، ئەو کات ڕەنگە هەردوولا زەرەرمەندبن، چونکە هەر گەلە نوێنەری خاك‌و وڵاتە. ئەمەش لەکاتێکدا پێویست ئەبێت کە گەندەڵی‌و ناعەدالەتی لە هەڵبژێراوانی گەل بەرچاو ئەکەوێت، ئەو کات گەل بێ بوونی هیچ کێشەیەك‌و لێکترازانێك دەتوانێ موئامەرەییێکی سەرتاسەری ئەنجام بدەن، ئەم دەزگایە یاخود ئەم هەڵبژێردراوەی کە خۆی دەنگی بۆداوە، دای بەزێنێت‌و کەسێکی پاك‌و شیاو کارەکانی بەرێوە ببات.

کاتێك بازاڕی وڵات تووشی هەڵاوسانی ئابووری‌و گەندەڵییێکی بێسنورو نایەکسانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هات ئاڵوگۆڕی بازرگانی‌و یاخود گرەنتیکردنی حزب‌و فەسادی ئیداری ڕۆشنبیری‌و ئینتیمای نەتەوەیی لەبەرچاونەگیرا، داواکاریەکانی گەلیش فەرامۆشکرا، ئەو کات جەماوەر دەرك بە بۆشاییەکانی ئەکات‌و بیر لە گۆڕانکاریەکانی ئەکاتەوە، جا بۆ ئەوەی بتوانن ڕابوونێکی سەرکەتوو بەدەست بهێنن کە لەپێناوی گۆڕینی حکومەت‌و یان یەکێك لەدەزگاکانی ئەمانە پێوسیتدەبێت.

١ـ دەبێت پەیوەندییێکی تۆکمەو بەرچاو هەبێت لەناو توێژی میللەتدا.

٢ـ بزانرێت لەسەر چ بنەماییێك هەوڵی گۆڕان ئەدرێت‌و ئەو ئامانجانەچین.

٣ـ ئایا دەتوانن گۆڕان بکەن‌و سەرکەوتن بەدەست بهێنن؟.

ڕەنگە زۆرجار لە وڵاتدا سەرچاوەی گەندەڵی گەل خۆی بێت، چونکە ئەو کاتەی گەل هەموو ئەو خاڵە لاوازانە کە لە نێو کۆی کۆمەڵگادا ئامادەییان هەیە هەست پێنەکات، ئەوا بێگومان شیرازە دەکەوێتە دەستی گەندەڵی، بۆیە پێویستە ئەم فاکتەرانە بگرێتەبەر بۆ پێکانی مەبەست‌و زاڵبوون بەسەر دیاردەی گەندەڵی .

ـ گەل دەبێت خۆی بەپێشەنگەکانی هەموو هەنگاوەکانی بەرگۆڕان‌و چەمکەکانی چاسازی بزانێت.

ـ دەبێت جەسوری لەئاستێك دابێت، بەرگەی هەموو ڕووبەڕوو بوونەوەییێك بێت.

بەگشتی لایەنێکی تری گرنگی لە لاوازی بێدەسەڵاتی گەلی کوردستان ئەمەیە کەخۆی بەخاوەنی خاك‌و دەسکەوتەکانی نازانێت، خۆی بەپێشەنگ نازانێت، واتە گەل پێش نیشتمان بخرێت· چونکە ئەگەر نەتەوەنەبوو، خاکو نیشتمان هیچ واتاییێکی نیە، هەربۆیەش گەندەڵی‌و فەسادی بەجۆرێك لەدەزگاکانی حکومەت گەشەی سەندووە، نەتەوەش لەم بێئاگاییەی پێشەنگبێت، هەرگیز ناتوانرێت گۆڕانکاری دروستبکرێت.